سەماحەتی حەکیم جەختی لەسەر کەمەك کردنی ئاوارەکانی لوبنان دەکات بە ڕێڕەوی فەرمی و نافەرمی



عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز محەمەد نازم ئال سادق، باڵیۆزی ئێران لە عێراق و لەم دیدارەدا باس لە پێشهاتی سیاسی ناوچەکە و پەرەسەندنی مەترسیداری شەڕی غەزە و لوبنان، سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە هەوڵەکان یەك بخرێت بۆ ئەوەی ئەو شەڕە ڕابگرێت کە قەوارەی ئیسرائیلی دەیەوێت پانتاییەکەی فراوانتر بکات.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر کەمەك کردنی ئاوارەکان و چ□کردنی لەڕووی مرۆییەوە، داواشی کرد لەم ڕوانگەیە چەندین ڕێگای فەرمی و نافەرمی بگیرێتە بەر، هەروەها ستایشی ئەرکەکانی حکومەتی عێراقی و س□ک□ پیرۆزەکان و دامودەزگا سیاسییەکان و کۆمەلایەتییەکان کە بەپیل بانگەوزای مەرجەعیەتی ئاینی باڵا لە ڕێڕەوی کەمەك کردن جگە لە بەشداری کردنی کاریگەری گەلی عێراقی لەم ڕووەوە.

سەماحەتی داوای کرد جموجۆڵ دەستپێبکرێت بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی و زانکۆی وڵاتانی عەرەبی و چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بکرێت بۆ ئەوەی فشار بکەن بۆ ڕاگرتنی شەڕ و جێبەجێکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و دەزینەوەی دەرچەی شەرعیەتی نێودەوڵەتی لەسەر قەوارەی ئیسرائیلی داگیر کەر.